# كۆیە و شیعر؛دووانەیەكی لێك دانەبڕاو بۆ ناسنامەی داهێنان لێكۆڵینەوەیەكی سیمانتیكی ئیدراكییە

پەخشان سابیر حەمەد [١]

[١] بەشی زمانی كوردی، فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

شوێن تەنیا پانتاییەكی ماتریالی نییە، بەڵكو باوەشێكی پەیوەست بەدەروون وجەستەی مرۆڤە، مانەوەی زیاتر وابەستەی دەروونە، بەتایبەتی شاعیران ئەگەرچی لەدەرەوەی ئەو پانتاییەش بن، لەچوارچێوەی خەیاڵیاندا بیرەوەری وێستگەكانی ژیانیان بەسەردەكەنەوە، بەواتای سەرباری بوونە واقیعییەكەی ،بوونێكی مەعنەویشی هەیە.

لەو ڕوانگەیەوە ناونیشانی( كۆیە و شیعر _دووانەیەكی لێك دانەبڕاو بۆ ناسنامەی داهێنان _لێكۆڵینەوەیەكی سیمانتیكی ئیدراكییە) مان بۆ لێكۆڵینەوەكەهەڵبژاردووە، بەمەبەستی تاوتوێكردنی بەرهەمی شیعری كۆمەڵێك لەشاعیرانی نوێ و هاوچەرخی كۆیەو دەستنیشانكردنی پێگەو ئاست و پلەو پایەیان لەنێو ناسنامەی داهێنان و ڕەخنەی كوردیدا.

بەپێی ئەو پەیوەندییەتازانەی ئەم شاعیرانە بەخشیویانەتە (دەرخەر و دیارخەر)، بەتایبەتی كەووشەی درووست پێویستی بەخوازەیەبۆ ئەوەی ڕوونكردنەوەو هێز و كاریگەری و ڕوانبێژی وەربگرێت و بازنەی خواستن فراوانتر و پەیوەندییەدەلالییەكان دەوڵەمەندتر بكەن.

لەنێو ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ئیدراكی هاواتای مەعریفییە، ئەمەش پاڵپشتییەكەبۆ شیعر وخوێندنەوەیەكی هەموییەبۆ كۆی دەقەكان، نەك مامەڵەكردنێكی پاژەیی و وردكردنەوەی شیعر و پەرت و بڵاوكردنەوەی، كۆكردنەوەی بیر و سیمای شیعر لەنێو تێگەیشتنێكی گشتگیردا.

**كلیلە وشە:** سیمانتیكی ئیدراكی، خواستن، سیاق، كۆیە، شیعر

## Abstract

Place is not only matnalistic area, but it has relation to the Psychology and the body of human being, mostly it is connected with feeling. The evidence for this is that when the person lives away from his home city, the hostaligic feeling creates the framework which controls his live, especially if the person is a poat since it has the realistic and spritual reality. Through our research on "Koya and poetry as inseparable twins for invention identity – A cognitive semantic study."

Sometimes, cognition will be regarded as knowledge or mysticism. Further, within the framework as this paper, knowledge (the synonym of cognition is, or as the source of cognition or as its product. The researcher treat to determine the position of contemporary poet in the critical and inventional identity along with defining the limits of the inventions and this is because of the new relations that they provide, especially, the appropriate expressions require metaphor in order to explain the power and the rhetorical influence and all these may take the role to expand the circle of borrowing words and semantic relations.

**Keywords:** Koya, Symantec Cognitive, Demand, Context, Poetry

## 1. پێشەکی

شوێن هەمیشەلەیادەوەری شاعیراندا ئامادەیی هەیەو بەتایبەتی کەشوێن ژینگەو چێژ درووست دەکات ،هەروەها ئەو تەلیسم و سیحرەئەفسوناوییەیە وا لەشاعیر دەکات نەتوانێ دەستبەرداری بێت،لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی لەمشێوەیەدەشێ گومانی ناوچەگەری لێ بکرێت ،بەڵام ئەم تێڕوانینە ڕاست نییە،بەپێچەوانەوە خەرمانی ئەدەبی کوردی بەهۆیەوە دەوڵەمەندتر دەبێت،سەرباری بەئەرشیفکردنی ئەو شاعیرانەی سەر بەناوچەیەکی دیاریکراون،کە لەکۆتاییدا دەبنەبەشێك لە ئەدەبی کوردی،کۆیەوەك شوێن و ئەو پانتاییەجوگرافییەهەردەم ناوبانگێکی گەورەتری هەبووەو هەیە، خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی کۆیەبەڕەوتێکی تا ڕادەیەك نوێ ئەویش سیمانتیکی ئیدراکییە،هەرچەندەهێشتا زاراوەی سیمانتیکی ئیدراکی جێگەی خۆی بەتەواوی نەگرتووە و ناجێگیرەبەهۆی ئەوەی بابەتێکی تا ڕادەیەك نوێ لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بەیەکداچوونی لەگەڵ چەندین پسپۆڕی تردا هەیەوەك: دەروونزانی و زمانەوانی دەروونی ،...هتد.

هەروەك چۆن زانستی شیعری مەعریفی بۆتە بەشێکی گرنگی شێوازناسی نوێ،هەر خودی شیعر ڕێگەیەکی ڕۆشنبیری و دەفرێکی مەعریفی پڕ بایەخە،سەرباری ئەوەی هەندێ جار ئیدراکی بەعیرفانی یا مەعریفی دەناسرێت، ئەمانەش ئاڵۆزییەکیان درووستکردووە، چونکەعیرفان ئەزموونێکی بەتەواوەتی گیانیی تایبەتە. شوێن ناسنامەی شاعیرە، بۆیەلەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین پێگەی شاعیرانی هاوچەرخی کۆیە لە نێو ئەم ناسنامەیەدا دیاریبکەین و سنوری داهێنانەکانیان دەستنیشان بکەین ،لەبەر ئەوەی پانتایی بابەتەکەفراوانە، بۆیەتەنیا بەدوای سەرەداوەکانی داهێناندا دەگەڕێین ، ئەگەر نا هەریەك لەم شاعیرانەی چونەتەنێو سنوری لێکۆڵینەوەکەبیرۆکەی چەندین لێکۆڵینەوەی تر هەڵدەگرن ، ئەمەو لەکاتێکدا ئەمە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەیەوبەپێی تیۆری سیمانتیکی ئیدراکی خوێندنەوە بۆ کۆمەڵێك شاعیری نوێ و هاوچەرخی کۆیەکراوە

## ٢. بەشی یەکەم:

### ٢.١ باسی یەکەم : دووانەی شوێن و شیعر

شوێن ئەو پانتاییەی لەنێو بیرەوەری مرۆڤ جێگیرەو پاڵنەرێکەبۆ شاعیرێتی ،لەدواوەی دێر و وێنەشیعرییەکاندا شوێن خۆی دەناسێنێت، لەبواری یادکردنەوەی ئەو شوێن وجێگە گرنگانەی شوێنەکەی پێ دەناسرێت،وێنەی شوێن چوارچێوەیەك بۆ شێوازی شاعیر دەخولقێنێ(شوێن پێش مرۆڤ و بوونی مرۆیی کەوتووە،یەزدان شوێن (زەوی) خولقاندووەو ڕازاندویەتیەوە، وەك چۆن هەموو گەردونی ئامادەکردووە،بەو پێیەی کەشوێنی گەورەی ژیانی مرۆڤە، لەنێو ئەم گەردونەدا مرۆڤ درکی بە(زەمەن)و (شوێن) کردووە،هەرچەندەدرکپێکردنی بۆ هەر یەکەیان جیاوازیش بێت)(بناء :2002: 21) واتەشوێن خەڵات و بەخششێکی یەزدانییە لەپاڵ بەخششی زماندا، چونکە(درکپێکردنی مرۆڤ بۆ زەمەن درکپێکردنێکی ناڕاستەوخۆیە لەبواری کرداری مرۆڤ و پەیوەندی بەشتەکان بەدیدەکرێت،لەکاتێکدا درکپێکردنی مرۆڤ بۆ شوێن درکپێکردنێکی هەستیی ڕاستەوخۆیە، بەدرێژایی ژیانی مرۆڤ بەردەوام دەبێت، ئەمەش جەخت لەسەر گەرموگوڕی ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ و شوێن دەکاتەوە کەبەیەکەوە دەیانبەستێتەوەو هەمنشینی جولەکانی مرۆڤە) (سەرچاوەی پێشوو). باشلار ( 1884_1962) پێی وایە: (سیماکانی شوێن کەدەگاتەڕادەی سادەوساکاری ، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لەنەستی دا هەیە،وایلێدەکات تەنیا بەهۆی ناوهێنانی ئامادەیی هەبێت زیاتر لەوەی کاتێ وەسفی ووردەکارییەکانی دەکرێت) (باشلار:1980 :42) ئەمە ئەوەدەگەیەنێت کەشوێن کائینێکی پڕژیان و پڕ جولەترەو لەخەیاڵی مرۆڤ بەگشتی و خەیاڵی شاعیر بەتایبەتی هیچ شوێنێك وەك شوێنی پەیوەست بەکەسەکە پڕ واتا و زیندووتر نییە،لەئاکامی ڕێڕەوی ژیان و بیرەوەرییەکانی شاعیر و هەموو ئەو پەیوەندییانەی کەلەسەر پانتاییەجوگرافییەکە وەکو شوێن وەریگرتووە، لەنێو دەفری بیرەوەریدا سەرباری پیرۆزی ، بێسنوری و جوانیەکی ڕەها دەگرێتەخۆی.

شاعیر سنوری واقیع و سنوری خەیاڵ ئاوێتەی یەك دەکات ،شوێن وابەستەی ئەزموونەکانی دەبێت ، بۆیەشاعیران باشترین نازهەڵگرتنیان بۆ شوێن نواندنیەتی لە(ژن)دا،بۆ ئەوەی خۆشەویستی و ئارەزوو و هیوا و ئاواتەکانیان بکەنە شیعر و ئاراستەی بکەن،ئەمە سەلمێنراوە(مرۆڤ تەنیا پێویستی بەپانتاییەکی فیزیکی جوگرافی نییە تێیدا بژیێت،بەڵکو پێویستی بەپانتاییەکە ڕەگ و ڕیشەی لەناخیدا بێت و تێیدا ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە) (الشنقيطي: 2008 : 83) شوێن بەشێکەلەکەسێتی مرۆڤ و پەیوەندییەکی دەروونی قووڵ لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت،پەیوەندییەکی ئاڵۆز و ڕەگ و ڕیشەدار کە ئەستەمە بگۆڕێت یا وازی لێ بهێنرێت، یا تەنانەت پشت گوێ بخرێت.بۆیەشوێن بۆتە دەلالەتێکی ڕەمزیی ،ئەمەیە وایکردووە هەموو دیاردەو کەرەستەکانی سروشت و دەوروبەری مرۆڤیان کردۆتە مرۆڤ بۆ ئەوەی زمان و ژیانی پێ ببەخشن و هەستەکانی خۆیانی پێ دەربڕن، تەنانەت شوێن بۆتەدەفری منداڵی و هەموو ئەو یادانەی پەیوەستە بەم قۆناغە گرنگەی مرۆڤ و وابەستەبوونی بەخاك وەك شوێن ،لەپشت شوێن و ئەو سروشتەی هەیەتی کۆمەڵێك هەست و نەستی وا هەیە مەگەر تەنیا شاعیر بتوانێ بەدەربڕینەکانی وێنەی شوێنەکە بەرجەستەبکات و بیگەنێت. کۆیە وەك شوێن و وەك شارێکی کوردستان ، هەموو ئەو ڕووداو و کارەسات و نەهامەتییانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، کۆیەی لێ بەدەر نەبووە،تەنانەت کۆیە ئەو پانتاییە دیاریکراوە لەڕووی جوگرافییەوە،لەڕووی ڕۆشنبیری و زانیاری و ئەدەبەوە پانتاییەکی چەندین هێندەی پانتاییەجوگرافییەکەیەتی، چەندین ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەم پانتاییەیان زیاتر ناساندووە[i]، کەریم شارەزا لەدوو بەرگدا[ii] چەندین شاعیری کۆیەی ناساندووەو بەم کارەی خەرمانێکی باشی کۆکردۆتەوەو خستویەتیە بەردەست لێکۆڵەوڕ و ڕەخنەگران

**ئەی شاری شاعیرانم**
**هەرتۆی دین و ئیمانم**
**ئەی ڕەقیب بلێنەوە**
**ئاواکەن کوردستانم**



Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen245

(کەریم:2017:79)

کاروانی شیعر و شاعیران لەم شارەدا ناپسێنەوە،نەوە لەدوای نەوە گڕی شیعر هەڵدەستێنەوە(شارەزا:2013: 5)و ئێستاش کۆیە ئەو نرخە زانیاریەی ئەوسای ون نەکردووەو زۆر چاڵاکانە پەلەی هەنگاونانی زل زل ئەکا بۆ گەڕانەوەی نگینی پێشووی و پێشکەوتنی لەرێرەوی شارەتێکۆشەرەکانی کوردستانا(شارەزا:1961: ٧)

**چنارۆك چنارۆك**
**چنارۆکی کۆیەی خۆش**
**سەیرانگاکەی چنارۆك**
**غەم لێی دەبێ فەرامۆش**
**لەم دیوی هەیبەسوڵتان**
**بەبای شەماڵی کۆێستان**
**دێنەسەما درەختان**
**دەبزوێنێ هەست و هۆش**

(جۆبار:2018 : 85)

نەوەیەکی چاوکراوەی تر هاتنەمەیدانەکەوە کەتوانیان بابەتی نوێتر وتازەتر بخەنەسەر خەرمانی ئەدەبی کوردی لەوانە:قوبادی جەلی زادە، فازل شەورۆ، ئازاد دڵزار، نەزەند بەگی خانی، قوباد بەهرەوەر، بەهرەموفتی و چەندانی دیکە.(معروف:2010: 29)، هەرچەندە(باشتر وایە (هەڵوێست) و(هونەر) تێکەڵاو نەکرێن ،شاعیری باش هەر ئەوە نییە توند تیلکی خۆی ڕابوەشێنێ و کوردایەتی و کوردستان هەر بەقسە بکاتە مەیدانی خۆی، بەڵکو شاعیری لێهاتوو بەر لەوەی هەر شتێکی تر بێ هونەرکارە) (دڵزار:2018: 7). کەواتە(هونەر) تاکەپێوەری شیعری شاعیرە نوێیەکانی کۆیەن و بەپێی ئاستی هونەری و شیعرییەت دەخرێنە ڕوو، کەپانتایی کۆیی لەدێرینەوە لەپانتاییە جوگرافیەکەی گەورەتر مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو بە(وڵات ،مەملەکەت) ناوی هێنراوە، ئەمەش دەلالەت لەو هێزە مەعنەوییە دەکات کەهەمیشە پاڵپشتی ئەو شوێنەی کردووەو لەخەیاڵیاندا سەرچاوەی ئیلهام و ووزە بەخشینیان بووە و لەپشت دێرەکانیاندا ئەو پەیوەندییە قوڵانە دەدۆزینەوە کە شاعیرانی بەو پانتاییەگرێداوە.

**لەوڵاتی کۆیی چەمەرەو**
**سینگ کوتانە.**

(دڵزار:2004: 275)

یا:

**شارەکەم غەمگینەوەك خۆم**
**بەدەستێکی**
**دڵدارەکانی دەنێژێ**
**بەدەستێ گوڵستان و چۆم**

(دڵزار:2004: 169 ).

**٢،٢ باسی دووەم /خوێندنەوەی شیعر لەژێر ڕۆشنایی سیمانتیکی ئیدراکی دا**

بیرۆکەی داهێنانی دەلالی لەووەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێ دوو ووشەو خستنەپاڵیان واتایەکی نوێ دروست دەکات،کەپێشتر بەمشێوەیە بەکارنەهاتووە،تا گەیشتە سەرهەڵدانی زانستێکی نوێ ئەویش(سیمانتیکی ئیدراکی ) یا(سیمانتیکی مەعریفی)یە، لەنێو زمانی کوردیشدا (ئیدراك) یا (درککردن) بەکاردەهێندرێت،(ئیدراك )[iii] جێگای بایەخە لەئێستای جیهاندا ،بۆتەمایەی کۆکردنەوەی جۆرەکانی بیر و هزری مرۆیی،(بریل) لەساڵی 1883 زاراوەی (سیمانتیك)ی بۆ ئەو دیراسانەی بایەخ بەجەوهەری ووشە لەحاڵەتی تاکڕەوی فەرهەنگیی و ڕۆنانی سیاقی و ئالیەتەناوەکیەکانی دەدات،داهێنا،کەبنچینەی پرۆسەی بەردەوامی و پەیوەندیکردن و ئاگادارکردنەوەیە.(عبدالجلیل:2001: 23) سیمانتیك جۆرێکە لە زانستی تێڕوانین بۆ جیهان یا دیراسەکردنی بۆ سروشتی تێڕوانینی جیهان و بنیادی نەتەوەیە کەقۆناغێکی گرنگ یا قۆناغێکی تری مێژووەکەیە ،ئەم دیراسەکردنە پێویستی بەئامرازی شیکردنەوەی ڕێبازیی بۆ ئەو چەمکەڕۆشنبیرییانەی کەنەتەوەکەبۆ خۆی بەرهەمی دەهێنێ ، هەیە، کەخۆی لەچەمکە کلیلیەکانی زمانەکەی دەدۆزێتەوە(ایزوتسو:2007: 32)، ئەمەدرێژەپێدەری بیرەکانی (همبولت)ە خاوەن ڕەوتی عەقڵانی کەهەوڵیدا تیۆرێکی زمانیی گشتگیر دروست بکات،کەتەنیا زمانێکی دیاریکراو ناگرێتەوە.(ئیلر:2004: 228 )همبولت پێی وایەزمان کارێکی داهێنانییەو کار لەسەر کردار دەکات ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەزمان هێزێکی زۆر کاریگەری هەیە.(ئەم هێزە نەبوایە هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەك نەدەبوو ، هەر ئەم توانا لەڕادەبەدەرەیە دەبێتەمایەی ئەوەی کارەکانی مرۆڤ بەزیرەکیی و داهێنراوی بناسرێت(مؤمن:2005 :60) ، لیش دەڵێ:(سیمانتیك خاڵی بەیەکگەیشتنی جۆرەکانی بیرکردنەوەو ڕێبازەکانی وەك فەلسەفەو دەروونزانی و زمانەوانییە،ئەگەرچی بایەخەکانی هەریەکەیان بۆ خاڵی سەرەتا جیاوازیش بێت: Leach)(1974 :9(،ئەمەو لەکاتێکدا خودی قۆناغی داهێنان (وەك لەم هاوکێشەیەدا ڕوونکراوەتەوە)بریتییەلەنوێکردنەوەی پەیوەندییەدێرینەکانی نێوان پێکهاتەی ووشەکان و پەیوەستەبەتوانا هزری و زمانیی و خەیاڵیەکانی شاعیر.

قۆناغی داهێنان = پێکهاتەی(دەرخەر و دیارخەر) دێرین +هەڵوێستێکی هاوشێوە= پێکهاتەدێرینەکەدەلالەتێکی نوێ وەردەگرێت.

ڕۆمان جاکبسۆن) R. Jacobson 1896-1982 (کەپردێك بوو لەنێوان فۆرمالیست و بنیادگەرییەکان ،شەش ئەرکی زمانیی جیاکردۆتەوە، بریتین لە: (عبدالجلیل: 2001: 56)

1. ئەرکی سەرچاوەیی referentielleبەواتای ئاماژەی زمان بۆ ناوەرۆکێکی دیاریکراو بەمەبەستی گەیاندنی بۆ هزری ئەوانی دی و ئاڵوگۆرکردنی بیر لەگەڵیاندا .
2. ئەرکی دەربڕین یا هەڵچوونی emotive تێیدا زمان ئاماژەبەهەڵوێستی نێرەر لەدۆزە هەمەجۆرەکانی کاتی ئاخاوتن دەکات .
3. ئەرکی داڕشتنی conative لەو زمانەدا بەدیەدەکرێت کەئاراستەی وەرگری دەکات ،بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی بۆ کارێك یا داواکارییەك بەئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو .
4. ئەرکی دواوەی زمانlinguistique ڕەنگدانەوەی هەستەکانی دەربڕە بەسستمێکی بەردەوامی بوون ، لەبواری خودی زمانەکە دەخولێتەوە .
5. ئەرکی پەیوەندیکردن phatique لەسەر بنەمای ئەو دەربڕینانە دەبێت کەوا لەنێرەر دەکات پەیوەندی دروست بکات یا واز بهێنێت.
6. ئەرکی شیعری poetique لەدەوری زمان بەو پێیەی لەسێبەری واتای تر و بەهای دەلالی هەڵگرتووە، دەخولێتەوە .

خاڵی کۆتایی قورسایی زمانی شیعری دەکەوێتەئەستۆ بەو پێیەی ڕێڕەوی دەلالەتەکان بەتەواوەتی دەگۆڕێت و ڕێرەوی وا دەخولقێنێ کەببێتە مایەی سەرنج و سەرسوڕمانی وەرگر و چێژ لێوەرگرتنی ،مانەوەی چێژەکە پەیوەستەبە دەسەلاتی شاعیر

لەدرووستکردنی پەیوەندییە نوێیەکاندا و ڕێکخستنیان لەنێو سیاقێکی گونجاودا ،ئەمەکاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی سیمانتیکی ئیدراکی Cognitive Semantics هەبوو ،کەلقێکەلەلقەکانی زمانەوانی ئیدراکی )Cognitive Linguistics بایەخ بەلایەنی عەقڵی و پرۆسە هزری و توانا درکپێکراوەکان لەپرۆسەی شیکردنەوەی ئاخاوتن و تێگەیشتنی کرۆکەکەی دەدات) (أحمد:2017: 26) بەتایبەتی کەزیاتر لەسەرچاوەیەکی هەیە و پەیوەستە بە زمانەوانی دەروونی و دەروونزانی ئیدراکی و فەلسەفەی هزری و گشت کارامە ئیدراکییەکان،زمانەوانەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە خواستن و خوازەو هونەرەکانی ڕەوانبێژی گشتیان ئامادەییان لەنێو بیرکردنەوەی هزری و لەنێو گشت بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، بەواتای (لەوە دەرچوو کەوەك دیاردەیەکی زمانی و بەوەی لە هەڵبژاردەیەکی شێوازیی بەرجەستەدەبێت،بەدیبکەن گواستراوەوە بۆ بەدیکردنی وەك دیاردەیەکی ئیدراکی پەیوەست بەرێگاکانی کارکردنی هزری مرۆیی لەدرووستکردنی سیاقە وێنەرێژییەکانConceptual System کۆدی بنیاد و نموونەمەعریفیەکانی) (محسب:2018:موقع الایوان). بۆ نموونە تیۆری بۆشایی عەقڵی Mental Spacesکە(فۆکنەر Fokner- دایهێنا لەوەدایە کە بەرهەمهێنانی واتایەکی دیاریکراو بەگواستنەوەی لەجیهانی واقیعی بۆ جیهانی خە یالی دەبێت(دزەیی:2014: 62) ،ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دابەشکردنەکەی (ئەفلاتون) جیهانی هزر لێرەدا جیهانە نموونەییەکەیە، هزرەکە مەبەستی پێوانەو بەراووردکردنە، ئەزموونە مرۆییەکان هەمیشەپێویست بەوەدەکەن ڕێرەوی تر بدۆزنەوەو کەناڵی نوێ درووست بکەن ، چونکە بەرهەمهێنانی واتا زۆر لەوەفراوانترە کە تەنیا وەکو بنیادێکی زمانیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

بۆیەهەردوو زانا لایکۆف George Lakoffو جۆرج مارك جۆنسن Mark Johnson سەرهەڵدانی چەندین تیۆر،کە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بوونەوەپێشنیازی تیۆری هزری جیاواز لەتیۆرەکانی ترکرا، تیۆرێك لەدوو خاڵ وورد دەبێتەوە، تیۆرەکانی تر فەرامۆشیان کردبوو، لایکۆف وجۆنسن سوودیان لەم دوو خاڵەو ئەو بۆشاییەی دروستیان کردبوو، وەرگرت، کەبریتین لە: (لایکوف و جونسن:10:1996)

1. ڕۆڵی مرۆڤ لەدیاریکردنی وێنەرێژی دال .
2. توانای خەیاڵی مرۆیی لەخولقاندنی وێنەرێژی دال.

تەنانەت گەیشتنەئەوەی بیسەلمێنن خواستن زۆر لەوە فراوانترە کە تەنیا وابەستەی خەیاڵی شیعری ورازاندنەوەیەکی ڕەوانبێژییانە بکرێت،وەك لەم هێلکارییە ڕوونکراوەتەوە(لایکوف و جونسن:1996: 29)

| | |
|---|---|
| **بیرەکان (واتاکان)** | **شتن** |
| **دەربڕینەزمانییەکان** | **دەفرن** |
| **پەیوەندیکردن** | **ناردن** |

ئەمە بووە مایەی تیۆری خوازەی هاوچەرخ کەنزیکی بۆچوونەکانی (لایکوف وجونسن) هو هەردووکیانی لەژێر چەتری کتێبی (خوازە کە پێیەوەدەژین The Metaphor we Live by)کۆکردەوەو گەیشتنە ئەوەی زمان هەمووی خوازەیەکی فراوانە.بەواتای خواستن شتێکی شاردۆتەوە،بەمەش کۆدێك درووست دەکات و پێویست بەهەڵهێنان و زانین و پەردە لەسەر لابردنی دەکات. تێڕوانینێکی ئیدراکی بۆ زمان بەشێکە لەمەعریفەی ئینسکلۆپیدیایی گشتی ، بۆیەئیدراك ناسەکان پێیان وایەزمان تایبەتمەندییەکی هزری ئیدراکییە،چونکەئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی زانیاری و شارەزایی و چارەسەرکردن و گواستنەوەو نواندنی دەلالی کرۆکەکەیانە.(دزەیی:2014: 55) شاعیر و پەیوەستبوونی بەدەرەوەی خۆی (کەناڵێکی ئیدراکی هیرمینۆتیکی لەنێو عەقڵی درووست دەکات،پەیوەندی ئەو شتانەی بەهۆی وێنەرێژی و خەیاڵ و هەستەناوەکی و دەرەکییەکانی درکییان پێ دەکات، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی واتای نوێ یا ئەو چەمکەی لەنێو هزریدایە.بنیادی واتا لە نێو عەقڵدایە یا پەیوەست نییەبەبنیادی زمانیی ، بەڵکو تێدەپەڕێ بۆ هەموو لایەنەکانی عەقڵی مرۆیی و زمان لەهەمان ئەو بنەمایانەدا کاردەکات کەئالیەتی ئیدراکی لە لایەنەکانی عەقڵی کاردەکەن)(دزەیی:2014 : 52). دەکرێ چارەسەری دیاردەکانی ڕەوانبێژی و زمانیی چارەسەرێکی ئیدراکی بکرێت،کەکۆی واتاکانی بەرهەمەکە کۆدەکاتەوەو وەکو یەکەیەکی پتەو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات،بەمەش ووردەکارییەکانی ڕەوانبێژی و پەرت و بڵاوی هونەرەکانی تێگەیشتنی تۆکمەتر درووست دەکەن،کاتێ هەموو وەك یەکەیەکی کامیل کاریان لەسەر دەکرێت،نەك بەپارچەپارچەیی، هۆکاری ئەمە بۆ ئەو بنەما سەرەکییانەی کەچەشنی بڕبڕەی پشتی سیمانتیکی ئیدراکین دەگەڕێتەوە،بریتین لە:

1. بەرهەمهێنانی واتا پێویستی بەمەعریفەیەکی ئینسکلوپیدی زمانیی و نازمانیی هەیە،لە بوونەکانی نێو کۆمەڵگەو ژینگەئاشکراو شاراوەکانی وەردەگیرێت،بە واتای لایەنی زمانیی لەبنچینەدا لایەنی ئیدراکییە.
2. ڕاڤەی وردکردنەوەی واتا و دارشتنی دەلالی پێکهاتەکانی زمان سنووری دەلالە تێدەپەڕێنێ ،بەواتای زمانیی لەگەڵ لایەنی ئەزموون یا شارەزاییەکانی تر کامیل دەبێت، ئەمەگۆڕانکارییەکی گەورەبوو لەڕێرەوی گشتی وانە زمانییەکانی کە لە سەدەی بیستەمدا بڵاوبوون ،ڕەوتێکی گشتی بەمەبەستی جیاکردنەوەی ڕۆنانی زمان و ئاستی بەکارهێنان بوو، ئەم جیاکارییە ئەو دووانەییەبوو کە(سۆسێر)(1857__1913)لە(زمان و گوتار)دا دەینواند.(محسب:2018: منتدی شبکةاللغویات). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر دەروون دەروازەیەك بێت بۆ زمان و هەوڵی تێگەیشتنی پاڵنەرەکان بدات، ئەوا عەقڵ دەروازەیەکە بۆ ئیدراك و دۆزینەوەی پەیوەندییە لۆژیکیەکانی نێوان دەرخەر و دیارخەر.
3. زۆربەی شێوازە ڕەوانبێژییەکان (هونەرەکانی ڕوونبێژی)جگەلەستراتیژ و میکانیزمی هزری ،شتێکی تر نین ، کەبەهۆیەمرۆڤ دەرك بەواتای شتەکانی دەوروبەری دەکات، بەڵام عەقڵی مرۆیی کەمتەرخەمە لەدرکپێکردنی چەمکە ئەبستراکتەکان ،بۆیەهانا بۆ خوازەدەبات تا چەقە ئەبستراکتەکان لەدرکپێکراوە هەستیەکان نزیك بخاتەوە،بەمەش خوازەتەنیا شێوازێکی جوانناسی ئەدەبی زمانیی نییە، لەوەفراوانترە،واتەپرۆسەیەکی هزری ئیدراکییە.(دزەیی:2014: 58)چونکە(سستێمی هزرمان(هزری مرۆیی)لەبنەڕەتدا خاوەن سروشتێکی خواستنی (خوازەیی)ە(الاطلس:2007 :أرشیف اللغات و اللهجات)
4. ڕێزمانی زمان هەر خۆی پرۆسەیەکی ڕێکخستنی ئیدراکی چەمکەکانە،بەبێ ئەو پرۆسەیەچەمکەکان پەرت و بڵاو دەبنەوەو کۆکردنەوەیان سەخت دەبێت.(دزەیی:2014: 60) پێشکەوتنی کۆمەڵگە بە تایبەتی لەڕووی ڕۆشنبیری کۆمەلایەتی و دەروونی و تەنانەت خودی بەرەوپێشچوونی زمان بوونەچەپکە هۆکاری پێشکەوتنی واتا و شۆڕبوونەوە ئیدراکییەکان. ئەمەو لەنێو تیۆری سیاقیدا Theory Contextual زمانەوانەکان جەخت لەسەر جیاکردنەوەی چوار جۆر سیاق دەکەنەوەو پێیان وایە ووشە هیچ دەلالەتێکی نییە تەنیا لەچوارچێوەی سیاقدا نەبێت ،کەبریتین لە: (عمر:1988: 69).

أ. سیاقی زمانیی

ب. سیاقی سۆزداری هەڵچوونی

ت. سیاقی هەڵوێست یا پێگە.

ث.  سیاقی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی.

لەشیعردا کۆی ئەم سیاقانە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت و کارییان لەسەر بکرێت،هەر بۆیە(وتغنشتین Wittenstein ( گەیشتۆتەئەوەی بڵێ:(بەدوای واتای ووشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بەدوای ئەو ڕێگەیە بگەڕێ کەووشەکەی تێدا بەکارهاتووە).(أبو ناضر:1982: 33) لەکاتێکدا سیمانتیکی ئیدراکی زیاتر لەمەش دیراسەی دەوروبەری ووشەو چۆنیەتی بەکارهێنانەکانی دەکات،چونکەهەر خۆی لایەنەکانی ئیدراك بریتین لە :

1. ڕێزمانی ڕۆنانی و مەعریفی
2. خواستن
3. پلانەکانی بنیادی وێنە
4. ڕێکخستنی چەمکیی،پۆلێن کردن،درکە، چوارچێوەی دەلالەتەکان،ئایکۆنەکان
5. هێما و زمانی هێما (ئیشارەت)
6. زانستی دەمارگیریی ئیدراکی.

دیراسەکردنی کۆی ئەمانەلەشیعردا پوختەی واتای مەبەست بەدەستەوە دەدەن.

## ٣. بەشی دووەم/  خواستن و خەرمانی داهێنان

وەك چۆن هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بانە،ئەوا سەرچاوەی ئیلهام و چێژبەخشین و دەقئاوێزانی هەندێ لەشیعری شاعیرانی هاوچەرخ و نەوەنوێیەکەی شاعیرانی کۆیە دەچنەوە سەر خواستن لەڕووباری شیعری (قوبادی جەلی زادە) و هەردەم بۆتەو دەبێتە(فریادڕەس)یان:

**هەمیشەجوانی و ئیلهامی**
**شیعری شیرینت لەبەر دەڕوا**
**ئەی کانییەسازگار و**
**ووشك نەبووەکەی ڕۆحی ئەپۆلۆ**

(صلێوە :2015: 85)

یا:

**پەپولەشیعرێکی هەزار ڕەنگ**
**نیشتۆتەسەر پەنجەی**
**قەڵەمی ڕیش سپیم**

(شەوڕۆ: 2011:  202)

(قەڵەمی ڕیش سپی) یەکەم بەرهەمی جەلیزادەو زادەی بیری ئەم نەوەشاعیرەیە.

**قەڵەمێکی ڕدێن سپی**
**لەپێش کۆتەڵی حاجی دا**
**ڕێی بە(جەلیزادە)گرتوو  و**
**هاواری کرد: دەرباز بوونت نییە**

(شەوڕۆ: 2011: 206)

قوباد هەر زوو ڕدێن سپی بۆ قەڵەمەکەی خواست و کردییەپێشەنگ و ڕێنیشاندەر (لەدەرگایەکی تر لەنوێکردنەوەی شیعری کوردی چۆتەژوورەوە،توانیویەتی ئامانجەکانی بپێکێ و بەبەرگێکی نوێی ناسك و خەیاڵاوی و شێوەیەکی ڕووت و بێ سانسۆری دیاردەکان و جوانیەکانی ژن بخاتەڕوو) ( گەلاڵەیی: 2010: 30)

قوباد چەشنی کانییەکی داهێنانی هەمیشەیی تاکو ئێستا زمان بەتەواوەتی تێکدەشکێنێ و شاکاری خواستنیان لێ درووست دەکات ، زمانی شیعری قوباد دوو جەمسەر کۆدەکاتەوە،کەبۆتەناسنامەی شاعیر، بریتین لە:

(یەکەم) بەکارهێنانی زمانێکی کورت و پەیڤی سادەو ڕاستەوخۆ ،دووەم: قوباد هەروەکو چۆن هەموو بەرگەکانی فەرهەنگ ،نەریت، سیاسەت، دین و تەنانەت شیعر و هونەریش لەبەری ئافرەت دائەکەنێ و لە شیعردا ڕووتی ئەکاتەوە)(جەلی زادە:2007: 9)، ناکرێ بڵێین بەکارهێنانی ووشەی تازە لای شاعیرێکی دیاریکراو، بەشێکی زۆری ئەم ووشە تازانەی دراونەتە پاڵ قوبادی جەلی زادە(گەلاڵەیی: 2010: 42)، لەشیعری پێش (قوباد) یش بەدیدەکرێن، وەك: ئۆقیانوس، ئاوێزان، سەپان، خەنجەر، پەسیو، سۆراغ، پسام، دەروازە، ساپیتە، ڕەبەن، دەعبا، ڕۆندك،...هتد، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ناکرێت تەنیا ئاماژەبە ووشە بدرێت، چونکە ئەم جۆرە ووشانە دەشێ چەندین شاعیری تر بەکاریبهێنن،بەڵام قورساییەکە دەکەوێتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕێکخستن و بەیەکەوەلکاندنیان و درووستکردنی خوازەو خواستنی نوێ، ئەمەدەبێتە پێوەری شیعرییەت و شاعیرێتی نەك تەنیا ناوهێنانی ووشە بە شێوەیەکی ئەبستراکت.

**شەویش پیر بوو**
**ئەی لەو ژنە تولانییە سینگم تا دێ تەنگ تر دەبێ**
**زۆر دەترسم بەسەر ئەو شیعرەوە بچم**

(جەلی زادە:2007: 147)

خواستنی (پیر)ی بۆ شەو، خواستنی ژانی منداڵبوون بۆ شیعربوون و ترسی ئەوەی چۆن ژن بەسەر منداڵەوە دەچێت، ئەویش بەمشێوە بەسەر شیعرێکەوە بچێت، ئەم خواستنانە شیعرییان کردۆتە کائینێکی زیندوو ،کە هەست بەئێش و ئازارەکان دەکات. گەلێك جار قوباد بەشاعیری ژن ناودەبرێت،لەم بارەیەوەدەڵێ: (پەیوەندی من بەژنەوە پەیوەندییەکی شۆڕشگێڕانەیە نەك داگیرکەرانە،من پێشمەرگەم و ژن وڵاتێکی داگیرکراوە،شەڕی من کە چەکەکەی شیعر و جوانییە،شەڕێکی مۆدێرن و حەزارییە لەپێناو ئازادکردنی ئەم نشتیمانە بن دەستە)(جەلی زادە:1998: 157). کەواتەقوباد دەیەوێ بەچەکی شیعر وڵات ئازاد و ژن هۆشیار بکاتەوە،بەهۆی گەورەیی ڕوانینی شاعیر بۆ ژن نەك تەنیا ڕوانینێکی سێکسیانە،بەڵکو وەکو کائینێکی بەخشندەو سەرچاوەی جوانیە. چەمکی مەعریفەلای فەیلەسوفەکان لەدەوری خودی مرۆڤی بیرکەرەوە بەو پێیەی سەرچاوەی مەعریفەیە دەخولێتەوە،ئەو بابەتەی بیری لێدەکاتەوە خودی مەعریفەیە،زانستە مەعریفیەکان، بابەتەکانیان، وەسف و ڕاڤەکردن و هاندانی ئامادەبوونە بنچینەییەکان وتوانای هزریی لە: زمان ،بیرکردنەوە،ئیدراك،گونجانی جولەیی، پلان دانان ...هتد. (موسوعة اونیفر سالیس:1989) شاعیریش لەگەڵ ئەم چەمکە یەکدەگرێتەوە، بەوەی کارەکەی پەیوەستە بە تەوزیفکردنی مەعریفەهەمەجۆرەکان، هەر لەمەعریفەی نێو ژینگەکەی تا مەعریفەکانی دەوروبەری ژینگەکەی تا مەعریفەکانی دەوروبەری ژینگەکەی ،چونکە دەزانێ چۆن مەعریفە وەردەگرێ و لەچوارچێوەی شیعرەکانیدا بەکاریدەهێنێ،لەکاتێکدا(زانستەمەعریفیەکان، هەر زانستێك دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەچارەسەرکردنی زانیاری لەنێو مێشکدا، نموونەی:ئیدراك، زیرەکی، زمان،...هتد) (أحمد:2019: 23)، توانای مرۆڤ بەتایبەتی شاعیر لەبەکارهێنانی زمان و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان بێسنورە .

**لەکوێستانەکانی سینگم**
**تیشك خۆی هەڵدەخلیسکێنێ**
**لەبەر ئاوێنەی دووچاوم**
**مانگەشەو قژی دادێنێ**

(دڵزار:2004 : 65)

مرۆڤ هەستپێکراوەکان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی پێنج هەستەکەوە درکپێدەکات،بەڵام ئەبستراکتەکان بەهەمان کەناڵ تێدەگات، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (دزەیی2014:59) لەڕێگەی نزیککردنەوەی ئەبستراکتەکان لە هەستپێکراوەکان،

سروشت سەرچاوەی بنچینەیی شاعیرانە بۆ درووستکردنی پەیوەندی و درووستکردنی پرۆسەی پەیوەندیکردن (سینگ) شوێنێکی دیاریکراوی داخراوە لەنێو پەیکەری جەستەی مرۆڤدا، (کوێستان) لەنێو پەیکەری کراوەی سروشتدایە، نزیککردنەوەی (سینگ و کوێستان) و بوونی (تیشکی خۆر) پەیوەندییەکی لۆژیکی قووڵی لێ هەڵێنجاون، بۆ گەیاندنی دەلالەتی فراوانی نێو سینگی لەپاڵ ئەمەشدا (دووچاو)کەخەسڵەتی (ئاوێنە)ی پێ بەخشیون، (ئاوێنە)ش ڕەمزی بێگەردی و پاکێتییە، بەمەش نەوەستاوە،بەڵکو (مانگەشەو)کەتیشکەکانی چەشنی پرچێکی زەرد لەبەردەم ئاوێنەکەدا (قژی دادێنێ)، بەمرۆڤکردنی (تیشکی مانگەشەو) وێنەیەکی پڕ جولەی هەستیاری بەخشیوە، ئەم چەشنە پەیوەندییانەیە هەم شیعرییەت و هەم داهێنان بۆ دەقەکە تۆمار دەکات (ئازاد دڵزار)[iv] سەرچاوەیەکی شیعرییە بۆ شاعیرە تازەکان،خۆیشی کاریگەری شاعیری تری بەسەرەوەیە، بەئاگادارییی بێت یا لەڕێگەی نەستەوەبێت لە شیعری (چەم)دا دەڵێت:

**کەکۆچت کرد**
**چەمەکانم نارد بەدواتا**
**کاتێ زانییان**
**لەگەڵیانا نایەیتەوە**
**ئەوانیش نەگەڕانەوەو**
**خۆیان فڕێ دایەدەریا**

(دڵزار:2004: 139)

ئەم وێنانە تەنیا لەخەیاڵی شاعیردا بەرهەمدێن، بەمرۆڤکردن بەشێکەلەخواستن، یا هەر خودی خواستنە، خەسڵەتی مرۆڤ دەبەخشرێتە ئەو شتانەی لەدەرەوەی مرۆڤن، وەکو: تیۆر و نەخۆشی و ئازار و دیاردەکانی سروشت،...هتد، بەڵام چی پێدەبەخشن و چۆنی پێدەبەخشن، پرسیارە جەوهەرییەکە لێرەدایەو تواناکانیش پێوەرێکن بۆ جیاکردنەوەی پەیوەندی لۆژیکی لەنالۆژیکی و بەهێزی و بێهێزی جۆری پەیوەندییەکان، (ئازاد دڵزار ) لەم بوارەدا داهێنانی کردووە، بۆ نموونە:( شەپۆڵەگرژەکان، چرپەی قامیشەڵان، لێوی پەمەیی ژاڵە، شۆڕەبی پێ خاوس، بیابانی تینوو، نوێنی ڕوناکی ڕۆژ، کەشتی تێکشکاوی هەست، دوورگەی سەوزی چاو، چاوی یاد،...هتد)(دڵزار:2004). جەوهەری خواستن بەرهەمهێنانە, خواستنی وێنەڕێژی هەڵمان بۆ دەرەخسێنێ لەبوارەکانی هەستی- جولەیی بەرهەمهێن بین Signfie مدلول سەرچاوە دال Signe (عبد الجليل: 2001: 58) سەرچاوەبەواتای شتەدەرەکیەکان کەجیهانێکی نازمانییە،زۆر لەسەرچاوەکان بوونێکیان نییە تەنیا لەگوتاری زمانیی نەبێت، تەنیا لەکۆمەڵەی زمانیی بەدیدەکرێت، وەك: خۆشەویستی، هاوڕێیەتی،..هتد.

**تۆم گرتەوە**
**کۆنەچواچێوەگەرمەکەی**
**دڵەی خەمگین..**

(شەورۆ:2011:167)

چواچێوە بێ گیانە،بەڵام شاعیر بۆ دڵی خواستویەتی و زیندوێتی پێداوە،خەمگین لەگەڵ گەرم لەئاکامی هەڵچوون بەهۆی ساڵیادی مەرگی (ڕەندی)کوڕی شاعیر و هێنانەوەی وێنەکانی پێش مەرگەکە پەیوەندییەکی ناوازەی لەنێوانیاندا درووستکردووە. شەورۆ لەبنیادنانی وێنەشیعرییەکانیدا زۆر وردەو بەقوڵی لەدیاردەو حاڵەتەکاندا ڕادەمێنێ.

**زۆر لەمێژە**
**چوار ژوورەکەی کەلاوەکۆنەکەی دڵم**
**داوەبەکرێ**
**لەسەر کۆشك:کوردو ستەم**
**لەخوارەوە:دایکم و خەم**
**هەرچەن دەکەم**
**ویرانەکەم**
**بۆ چۆل ناکەن**
**بەم دڵەوە**
**ڕەشماڵ نشینی غەریبیم**
**ئەرێ**
**کەس شك نابەن**
**حوجرەدڵێ**
**بدا بەکرێ ؟**

(شەورۆ:2011: 116)

کۆی مەسەلە مێژوییەکەی نەتەوەی شاعیر دابەشبووە بەسەر چوار بەشی دڵی کەڕەمزێکیشە بۆ چوار پارچەی کوردستان لەهەمان کاتدا ،ئەم جۆرە دابەشکردنە دەچێتە نێو( خواستنی ئاراستەیی Drientational Metaphors) زۆربەیان پەیوەندییان بەبەرزییەوە هەیە: سەرەوە، خوارەوە بەختەوەری لەسەرەوەیەو ئازار لەخوارەوەیە) (لایکوف و جونسن: 2009: 33-34)شەورۆ پۆلین بەندییەکی بۆ کرێچیە خوازراوەکانی نێو دڵی کردووە،کە کرێچی هەمیشەیین و دەرچوونیان نییە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە پارێزراون چونکە شوێنەکەیان گرنگە،لەسەرەوە کورد و ستەم کەلەغەریبی و نامۆیشدا هەڵیگرتووەو دەستبەرداری نابێت، شاعیر کەسەرەوەی بۆ کورد و ستەم داناوە، واتەگوێچکەڵەی ڕاست و چەپ ڕێك لەگەڵ ستەم گونجاوەوخوارەوەش بۆ دایك و خەم کەسکۆڵەی ڕاست و چەپن،خۆی وەك کورد خاوەن چوارپارچەی کوردستانە کەچی هاودژییە (ڕەشماڵ نشین) بێت کەبۆ وڵاتی بێگانە خواستویەتی، بۆیەهەمیشە ئەو پرسیارەگیرۆدەی ئەوەی دەکات بەدوای (حوجرەدڵێك) بگەڕێت،کەخواستنەبۆ ئاسودەیی و چەسپاویی، بەڵام تا نەبێتە خاوەن وڵاتی سەربەخۆ بەدوای وەڵامدا وێڵە، هاوکێشەکەی لەکۆتاییدا هاوسەنگ دەبێت، چونکەدایك خواستنەبۆ خاك و نەتەوە. پەیوەندی نێوان نیشانەو کۆمەڵگەی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی دەلالیە،پەیوەندی نێوان نیشانەو نیشانەکانی تر پەیوەندییەکی ڕۆنانییە،بەڵام پەیوەندی نێوان نیشانەو بەکارهێنەرانی پەیوەندییەکی وەزیفییە.(فیدوح:15،1993)
شاعیران ڕوانگەی هەر سێ پەیوەندییەکە کۆدەکەنەوەو هاوکێشەی هەمەجۆری لێ درووست دەکەن،هەندێ جار هاوکێشەی بیری شاعیرێکی تر تێکدەشکێنن و سەر لەنوێ بنیادی دەنێنەوە کە لەدوو توێی ڕەخنەی نوێدا (دەقئاوێزان)هو ئەوپەڕی داهێنانەچونکە بیرەکانی دەرەوەی خۆی پەیکەرئاسا دروست دەکاتەوە.

**کە سوخمەی دەرگام کردەوە**
**سپێدەی دا**
**بەیانی باغی سێوان و**
**گووژمە نووری**
**لەو کێوەکەی تووڕەوە**
**هاتەژووری..**

(شەورۆ:2011: 25)

**سەرچاوەکەی شیعرێکی (نالی)یە،کەدەڵێ:**

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen245

**لەدوگمەی سوخمەدوێنێ نوێژی شێوان**
**بەیانی دا سفیدەی باخی سێوان**
**لەخەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەروەکو شێت**
**بە ڕوو زەردی هەڵات وکەوتەکێوان**

(مدرس: 1976: 320-321)

شەورۆ ستراتیژییەتی زمانی خستۆتەگەڕ و وێنەڕێژێکی بۆ ئەو چەقی بیرە کردووە،کە ویستویەتی ئامانجیەتی،نیشانەکەیشی پێکاوە. (ئارام سالح) (ئەو شاعیرەی مەرگی ئازیز دوو باڵی ئەفراندنی پێ بەخشی یا ئەو شاعیرەی لە دۆزەخی فرمێسکدا دەژی) (غەمبار:2016: (153ئەو شاعیرەی باشترین (ئەوین ژەن)ە، تاڵەکانی ژەنینەکەی نۆتەی شیعری بەرهەمدەهێنێ و لەژەنینی ئەوین دا ناوازەیەو هەر خۆی داهێنەری(ئەوین ژەن)ە. بەمە ئارام وەهمێکی گەورەی ژیانی دروستکردووەو لەم جیهانی وەهمەدا ژیان دەگوزەرێنێ و ئاسودەیە بە ژیانی لەنێو ئەم جیهانەئاڵۆز و جەنجاڵیەی سۆز و وەفا و لێك دابڕان، نایەوێ دان بەوەدا بنێت کەمەرگ بردویەتی و نایهێنێتەوە،لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەر ئەم جۆرەژیانەی نەبا،داهێنان نەدەبووە مایەی خولقاندنی ئەم زمانەشیعرییەی، کە(لەدەستدانی خۆشەویستەکەی خۆشەویستتر کردووەو مەرگەکەی بکاتە زیندووکردنەوەو مەرگی بەردەوامی خۆی لەناخەوە) (غەمبار:2016: 185). ئەم حاڵەتە یا نزیك لەمە حاڵەتی مەولەوی (1806-1882) دوای کۆچی عەنبەر خاتون، لەنێو ئەدەبی عەرەبیشدا حاڵەتەشیعرییەکانی کە لە دوای مەرگی ناوادەی (بەلقیس) لای نزار قەبانی درووستبوون و داهێنان بەبەرهەمەکانیان بەخشی، بەڵام لای هەردوو شاعیر بەتایبەتی مەولەوی تا ڕادەیەك لەسنوری لاواندنەوە تێنەپەڕیون، کەچی لای ئارام بورکانێکی شیعری یە و فرمێسك دەسەڵاتی شیعر و هونەری پێ بەخشیوەو باڵاتری کردووە.

**بەفر یەکسەر**
**جەڵتەلێیدا**
**هەر کەچاوی بە(ئادار) کەوت..**

(صالح:2013: 46)

(بەفر) لەگەلێك لایەنەوە بۆتە مایەی شاعیرانی کورد و گەلێك قالبی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە،بەڵام مەسەلەی بەستنەوەی توانەوەی بەفر لەکاتی بەهاردا خواستنی (جەڵتەلێدان) کە نەخۆشییەکی کوشندەیەو تایبەتەبەمرۆڤ، جوانی بایسێك و بەخشینی دەلالەتێکی نوێیە بە بەفر، هەرچەندە کەمال غەمبار دەڵێ:( بەکارهێنانی بەمرۆڤکردنی بێ گیان و بەقسەهێنانیان نیشانەو سیمای نوێخوازین).(غەمبار :2016: 163)، بەڵام سەرچاوەی بەمرۆڤکردن و بەخشینی خەسڵەتەکانی مرۆڤ بەبێ گیانەکان و تەنانەت دواندن و بەکەسکردنیان لەکاتی پێویستدا هونەرێکی دێرینەو خواستنی درکاو کەپانتاییەکی لەنێو شیعری کلاسیکی کوردیدا داگیرکردووە،لەچوارچێوەی بەکەسکردندایە.

مەرگ لای ئارام سێگۆشەیەکی دروستکردووە، بەمشێوەیە :

نامۆیی (بەبێ ئەو) تەنیایی ( لەگەڵ ئەو) گۆشەگیری (لەگەڵ ئەو)

گۆشەگیری لەتەنیایی قوڵترە،ئەمانەش هەردووکیان لەنێو خودیدا هەن،بۆیە نایەتە دەرەوەی خۆی،یا بەواتایەکی تر دەرەوەی خۆی نابینێ یا نایەوێ ببینێ ،کەهەردووکییان یەك ئەنجامییان هەیە.

دواندن و ئاخاوتنەکانیشی لەناخی دەروونیدایە، ئەم حاڵەتە دەگمەنەبیرەکانی قوڵتر کردووەو داهێنانەکانیشی جوانتر ،چونکەجۆرە تەنیایی و گۆشەگیرییەکی بەوەفای دەوردراوی ناوازەیە، بەتایبەتی کەبەردەوام لەگەڵ ئەوە، یا ئەوی لەگەڵدایە،تەنیا وا بەدیدەکرێت کەتەنیا و گۆشەگیرە، ئەگەر نا دووانەیەکی نموونەیین،ئەو لەناو خودی شاعیردا بوون و ئامادەیی هەیەو لەناویدا دەژیت.خەم هێندە هێزی بۆ بردووەنهێنی پێ نەهێشتۆتەوە،ئەوەتا (نهێنی یەکانی ژێر لێوی حەقیقەت)دەدرکێنێ و حەقیقەتی ڕۆحی دەردەخات:

**وام لەزیکری**
**بەردەوامی بێهودەیی**
**بۆیەهەردەم**
**لەخەڵوەتی**
**نێو جەنگەڵی وشەستانا**
**غەیب دەبم...**

(صالح:2005: 12)

پێکهاتەی (وشەستان)هەرخۆی داهێنانێکە،شاعیر تەنیا شت کە سێبوری پێ بێت ودڵی بداتەوە ووشەکانیەتی ،دەگاتەئەوەی خۆی لەنێویاندا وون بکات،تا داهێنانییان لێ بەرهەمبهێنێ،(زیکر)ئامانجدارەو (بێهودەیی)بێ ئامانج،کۆکردنەوەیان ئاماژەیە بۆ عیشقە قوڵەکەی ،(ئەو ڕوانگەیەی کەزیکر و جەنگەڵ و غەیب بوونی پێکەوە لەم کۆپلەیەدا بەمانای (عیبادەت)و( خەڵوەت )و(هەڵکشانی ڕۆحی) کۆکردۆتەوە،هەر هەمان ڕوانینی ئاینییە کە لە زۆربەی دەقەئایینی و ئەفسانەییەکانیشدا بەرجەستەکراوەو بۆتە ڕوانینێکی میللی )(پێنجوێنی:2007: 7) (حەقیقەت)ئەو پەیامەی شاعیر وەك چراوگێك هەڵیگرتووەو پڕبەدەم هوتافی بۆ دەکێشێ ،کە بەدرێژایی مێژوو بۆتە قوڵلەی قاف و سەدان ڕاڤەی ڕەنگاوڕەنگی فەلسەفی و مەعریفی و ئایینی و ئایدیۆلۆژی بۆ کراوە).(شەورۆ:2013: 111) شاعیر تۆماری حەقیقەتەکانی دڵی چیتر بەنهێنی ناهێڵێتەوە،دەیەوێ بەشداری کەسانی تری پێ بکات،تا نەبێتەمایەی گلەیی کردن و بوێرانە نهێنییەکان یا بەشێکی نهێنییەکان دەدرکێنێ و شاراوەکان ئاشکرا دەکات،شێوازی نووسینی لەشێوازی (قوبادی جەلی زادە) نزیکە.

**لەنێو چیمەنی ڕۆحم دا**
**هەموو گوڵەکان دەوەرن**
**تەنها گوڵەپایز نەبێ ؟....**

(صالح:2005: 55)

هەر هاوکێشەی ڕۆح لای ئارام یەکسانەبەخودی پایز ،ئەگەر گۆران (1905-1962) پایز بەبوکێکی پرچ زەرد دابنێت و عومەر عوسمان بە(جەنەڕاڵ) ی دابنێت ،کەئەوپەڕی جوانی و دەسەڵاتی پایز دەردەخەن،ئەوا (ئارامی شاعیر مەدلولاتی تازەی بەسیمای پایز بەخشیوەکەشاعیرانی پێش ئارام ئەم تەجاوەزەیان نەکردووە،....، لەتابلۆی پایزی ئارام صالح دا گەشبینی و جریوەی ئەستێرەی پایەشیعری ئاورینگی دەدرەوشێتەوە) (خامۆش: :ئەدەب و هونەر). هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوەبۆ ژیانی ئارام لەنێو یەك وەرزدا ئەویش پاییزە، بۆیەناچارە بیری وەرزەکانی تریش بکات وبیانهێنێتە نێو پاییز ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئارام لەپاییز وخودی پاییز تێگەیشتووە، ئەگەر نا حەقیقەتی ڕووتی پاییز لای ئارام نەدەبووە بەڵگەیەکی سەلمێنراو بۆ حەقیقەتی پاییزی دڵ و دەروونی.سەرچاوەی ئەو پاییزەی لەدەرەوەی (ئارام)دایە،لەپاییزی ڕاستەقینەی ناخی (ئارام)هوە هەڵقوڵاوە(ئەو گوڵەپاییزەگوڵێکی نەمری جاویدانە،لەبەر چاو وونە، بوونی نییە،بەڵام لەچیمەنی ڕۆحی شاعیردا ئامادەیی هەمیشەیی خۆی هەیە،ئامادەییەکی ناوەکی ، ڕۆحی زەینی،نەك ماتریالی)(غەمبار:2008: 217).هەموو کات پانتایی ناخۆشیەکان لەهی خۆشیەکان زیاترەو پاییزیش (وەرزێکی بەخشندەیەبۆ شاعیران و دەیانخاتە فوارەی هەڵقوڵین ،لەم وەرزەدا ڕووباری شیعر بەتەوژمتر دەبێت و شنەبای فێنکی پاییزان گەڵا

و پۆپەی دارەکان دەوەرێنێ، گوڵەسور و زەرد و دەگمەنەکان بۆ ماوەیەکی کەم سەردەردێنن) (صلێوە:2010: 28).

**هەر کەسیحری**
**چاوەزەردەکانی پاییز**
**دەردەکەوێ**
**درەختەکان**
**ئاگری هەوەس هەڵیان دەگرێ و**
**بەدەم سەمایەکی شێتانە**
**ڕووت دەبنەوە**

(صالح: 2005: 28)

بوونی دارەکان بەڕووتی بەڵگەو ناسنامەی خودی پاییزە، بەڵام شاعیر لەداهێنانێکی کەم وێنەدا پێچەوانەی کردۆتەوەو خواستنی ڕووتکردنەوەی بۆ دارەکان،لەئاکامی چاوی زەردی پایز وەرگرتووە،وروژاندنی سێکسی لەنێوانیاندا جولەیەکی زیندووی ڕۆمانسیانەی پێ بەخشیوە، ڕۆمانسیەتیش (سۆزە لە بری هۆش ،دڵەلەبری سەر) (فیرست: 1987: 16) بۆیەبیرکردنەوەلەنێوان (چاوی زەردی پاییز و ئاگری هەوەس و ڕووت بوونەوە) نییە، ڕاستەوخۆ لەبینینەوە بۆ کردار ، ئەمەهێزی سیحرەکەدەردەخات و خۆشەویستی لەیەکەم نیگاوەدەبەخشێت و دەگاتەئەوپەڕی عیشق،لەکاتێکدا هەردووکیان یەك شتن کراونەتە دوو(هەرچەندەویست و ئارەزوەکانی مرۆڤ خەفەو سەرکوت بکرێن، بەڵام تەواو خامۆش نابن، بەڵکو وەك ژیلەمۆی ئاگر لەناکاو لەدروستبونی دەرفەتێکدا گەش دەبنەوەو بلێسەیان لێوەدەردەکەوێ)(صلێوە: 2013: 175)، عەلی تاهیر بەرزنجی پێی وایە شیعری (چەند وێنەیەکی ونبوی نێو ئەلبومی پایزدا) بەپێچەوانەی لۆجیکی شیعری کوردییەوە، شاعیر مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ پایز و خەزان و گەڵا وەریندا دەکات، ئەگەر لای هەندێ شاعیر پایز وخەزان نائومێدی و بێهودەیی بێت، یاخود کۆتایی مردن بێت، ئەوا لای ئارام درووستکردنەوەی وێنەیەکی تازەیە، سەر لەنوێ ستاتیکایەکی ترە)(بەرزنجی: 2006: 3)، ئارام تەنیا (چەند وێنەیەکی ونبوی نێو ئەلبومی پایز)ی لەفەوتان ڕزگارکردووە،کەپێدەچێت ئەم ئەلبومە هەموو سامانی شاعیر پێکبهێنێت ، (ئەو حاڵەتەجۆرە ووزەیەکی داکراوی شاردراوە لەناو دەروونی درەختەکان دەوروژێنێ ، کەئاگری هەوەس و ئارەزوو بیخاتە حاڵگرتن و سەمایەکی شێتانە)(غەمبار: 2008: 220) بەڵام حاڵگرتن پەیوەستەبە جیهانی سۆفیگەری و سەمای شێتانە لەدەرەوەی ئەم جیهانەیەو بەیەکەوەنایەن ،دەشێ سەمای شێتانە سەمایەکی (زۆربا) یانە بێت و (شێتانە)خواستن بێت بۆ شێتی مەعنەوی لەئاکامی ئەو پەڕی عاقڵمەندی، هەروەها ئەوەی ئارام جیادەکاتەوە لەشاعیرانی تری پایز خواز ئەوەیە کە لەپایزەوەمردن و لێك دابڕان دروست دەبێت ،سەرەتا هەنگاوی (ئارام)ە بۆ تێگەیشتن لەماهیەتی مردن و جیابوونەوە،تەنانەت ئارام نەك تەنیا ڕەشبین ،بەڵکو تا سەر ئێسقان لەڕەشبینی بێهودەییدا دەژیت،ئەم خاڵە لە بەرژەوەندی (ئارام)ە چونکە لە نێو جەرگەی ڕەشبینیدا داهێنان بەرهەمدێنێت و تروسکایی هیوا بەدیدەکات ، لەئاکامدا بوونی (ئارام) واتەبوونی پایز،نەك تەواوکەر،بەڵکو هاوڕێی گیانی بەگیانیین و بێ یەکتری هەڵناکەن،جا بوونی ئەم سامانەی پایز بۆتە مایەی گومان لەلای خودی شاعیر خۆیشی.

**کێ دەڵێ تۆ**
**گەنجینەی پایزت نەدزیوە ؟!**
**ئەی ئەو هەموو**
**ئاڵتونی گەڵا زەردەچیە**
**بەسینەی گوڵزاری دڵ و**
**بەمللی بەهاری هەناسەت**
**هەڵواسیوە ؟!**

(صالح: 2005: 56)

لێرەدا داهێنانەکان لەلوتکەدا دەوەستن و بڕیاری ئەوەدەدەن،نەیەنەخوارەوە،خودی شاعیر خۆی بەگومانە لەبوونی ئەم ڕێژە زۆرەی پایز ،تەنانەت کرداری (دزین)ی خواستووەبۆ شتێك کەبەشێکە لەسروشت و نادزرێت،ئەویش(پایز)ە،بەڵگەش بوونی (گەڵای زەرد)ی بوونی ماتریالی پایزە،ئەوەی جێگەی پرسیار بێت،بۆچی(گوڵزاری دڵ) و (مللی بەهاری هەناسە) لەکاتێکدا خواستنی (ئاڵتون)بۆ گەڵای زەردی پایز خواستنێکی نوێ نییە،گۆران دەڵێ:

**هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین**
**ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین**
**پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین**

(دیوانی گۆران: 1386: 135)

بەڵام ئەوەی داهێنانی دروستکردوە،چۆنیەتی تەوزیفکردنیەتی لەپاڵ وابەستەبوونی بەکرۆکی پرسیارەکەمانەوە:

**1.** ئاڵتون و بەکارهێنانی بۆ ڕازاندنەوەی سینەو مل.
**2.** گوڵزاری دڵ ،بەهۆی ئامادەبوونی خۆشەویستی ئەو لەنێویدا و مانەوەو ژیانی ونەمری و پاراستنی بەهۆی قەفەزەی سینگەوەو یادکرنی هەردەمی شاعیر بۆ ئەو کەسەدیاریکراوە، (گوڵزار) بۆ یادەوەرییەکان خواستراوە.
**3.** هاوکێشەی بەهار(ناوی خۆشەویستەکەی)کەچەشنی، هەناسەی شاعیرە،بەکەسکردنی هەناسەبەهۆی بوونی مل ،کەخواستنێکی درکاوە،بەخشراوە بە(هەناسە)کەدیسان بەڵگەی بوونی ژیان و جولەو چالاکییە.
**4.** (بەهار) درکەیە لەهەمان کاتدا چونکەدوو واتا هەڵدەگرێت،هەم ناوی خۆشەویست و هەم وەرزی بەهار.

گۆڕینی هەموو ئەمانە بە گەڵای پایز و هەناسەکانی گشت هەم بۆنی پایز(تاڵی یادەوەری) و هەم ساردی پایز(بەیەکنەگەیشتن)،..هتد ،هەیە.

**ئەگەر لەتوخمی**
**شەیتان نەبین**
**بۆ بەزمانی**
**ئاگر ئەدوێین ؟**

(صالح: 2008: 21)

(زمانی ئاگر ) بۆ دوو سەرچاوەدەگەڕێتەوە:

**1.** خودی شەیتان لەئاگر درووست کراوە، هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە: (**قال ما منعك ألا تسجد اذ أمرتك قال أنا خير منه خلقتني من نار و خلقته من طين)** (قورئانی پیرۆز:سورەتی ئەعراف: ئایەتی 12) ،بەمەش شەیتان جۆرێك لەگیانی تەحەداکردن و خۆ بەزل زانینی لا درووست بوو،کەچی مرۆڤ لەخۆڵ درووستکراوە،پێچەوانەی خەسڵەتی شەیتان،ململانێی ئەم دووانە هەر لەسەرەتاوەگەشەدەکات و بەردەوامە.
**2.** (زمانی ئاگر) درکەیە بۆ زمانی شەڕ و زبر و ناشیرین. لێرەدا شاعیر کەئەمانەی بۆ مرۆڤ خواستووە،بەهۆی (ئەگەر) دەیەوێ هاوسەنگی بە هاوکێشەکەی

بدات،بەواتای زمانە زیرەکە هی مرۆڤ نییە،بەڵام کە دەچێتەبەرگی شەیتان یا بەرگی شەیتان لەبەر دەکات،زمانەکەش هاوشێوەی بەرگەکە دەبێت(جیهانبینییەکی تایبەت لەبارەی شەیتانەوەدەبینرێت )(حەویزی :2013: 66)، بەڵام پەیوەندی بەرەفتارەوە نییە،تایبەتەبەزمان کەسەرچاوەی فیتنەو ئاژاوەنانەوەیەو بەهۆی ئاخاوتنەوە ئەنجام دەدرێت،چونکە خەسڵەتی ئاگر خێرا و زوو بڵاوبوونەوەیەتی ،ئیدیۆمی (زمانی ئاگرە) دەلالەت لەو بابەتەدەکەن.

(نادیەکەریم) لەشێواز و ئاراستەی گوتاری نێو بەشێکی شیعرەکانی دەچێتەوە سەر شێوازە باوەکەی پیاوانی شاعیر و هەست ناکەیت تۆماری هەستی ژنێکە،جگە لەهەندێ دەق نەبێت ،نموونەی (ژانی شیعر: 8) و(خۆم هەر خۆم دەمم:25) یا درووستکردنی وشەی (گەش مەرگ)لەبری (شەهید :33) ،ئەمەو لەهەندێ شیعریدا تارمایی شیعری شاعیرانی تر بەدیدەکرێت،نموونەی (زوو پێم ووتی)تێیدا دەڵێ:

**زوو پێم وتی:خۆت ڕاپێنە**
**هەموو ژیانم هەر تەزێنە**
**رووناك نییە**
**کۆرێتەکەم**
**تاریکستانە**
**کاولەکەی من**

(کەریم: 2018: 59)

بیرۆکەی گشتی ئەم شیعرە لە شیعرێکی عەبدوڵلا پەشێو نزیکە،کەدەڵێ:

**ئەو جیهانەی تۆ ئەتەوێ**
**هەرگیز لای من دەست ناکەوێ**
**جیهانی من هەمووی خەمە**
**زەردەخەنەی ئێجگار کەمە**
**دووریەلەمن**
**لەهەڵبەستم**
**لەو چەپکانەی**
**بۆ شا چەپکێك**
**ئەیانبەستم**

(پەشێو: 1972 :8_9)

نادیەبیرۆکەکەی وردتر کردۆتەوە،لەگەڵ جیاوازی زەمەنی ووتنەکە،کات لای نادیە زووترەو وەکو پێشبینییەکە بەواتای شاعیر پێش ڕووداو کەوتووە،بەڵام لای پەشێو زەمەنی ئاراستەکردنەکە لەنێو ڕووداوەکەدایە،یا کاتێ لەشیعری (چەند شەهیدی دیکەت دەوێ) دا دەڵێ:

**مەرگی من پێش مەرگی تۆ بکەوێت**
**ئەی وەتەن**

(کەریم: 2018: 66)

ئەم دەلالەتی دوعاکردنەلەبواری خۆشەویستی و دڵداری گواستراوەتەوەبۆ نشتیمان پەروەری ،(وەتەن)خواستراوەلەبری (یار) ،تۆماری داهێنانێکی ئیستاتیکی یە بەتایبەتی کە قالبی بەکارهێنانەباوەکەی تێکشکاندوەو خستویەتیە قالبێکی تر کەمایەی سەرنجە، هەروەها شیعری (هایکۆ[٧] کۆیە: 110) هەنگاوێکی تری( نادیە) ،هەرچەندەشیعری کوردی لێرەو لەوێ ئەم جۆرەهونەرەی بەخۆیەوەبینیوە،بەڵام ئەوەی نادیە وەکو مەتەڵ دیاریدەکرێت.

هاوژین صلێوە لە شیعری(سەرخۆشێك) دا دەڵێت:

**سەرخۆشێك بەخێلی هەنگاوی دەنا**
**نیگای لاوێك بەگاگۆلکێ**
**بەرەو تەنورەی کچێ ڕێی دەکرد**

(صلێوە:2015: 20)

گواستنەوەی (خێلی) لە(چاو)هوە بۆ (پێ) و گواستنەوەی (گاگۆلکێ) لە(پێ)وە بۆ (نیگای چاو) ،جۆرەگواستنەوەیەکی خوازەیی نوێی و پێشتر بەمشێوەیە بەکار نەهاتوون، بەمەش شاعیر داهێنان لە بەکارهێنانی خواستن دا دەکات.

لەشیعری (لێوم بەلێوت نەگەیشتن) بیرێکی سیزیفیانەیە،کەهەر لەناونیشانەکەیەوەبەرجەستە دەکرێت:

**لەخەوێندا پەلکەکانت سەردەکەوتن**
**کەدەگەینە**
**سەر ڕوومەتەلووسەکانت**
**هەڵدەخلیسکان و دەکەوتن**

(صلێوە: 2015: 21)

بەکارهێنانی (پەلك)لەبری (کەزی) گۆڕانکارییەو واژەیەکی هاوواتای (کەزی) خستۆتەسەر خەرمانی زمانی شیعریی،(هەڵخلیسکان و کەوتن)دەلالەت لەو بەردەدەکەن کەسیزیف بەرامبەر بەسزاکەی سەریدەخست و ئەنجامی نەدەبوو ،لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کەسیزیف لەواقیع و (هاوژین) لەچوارچێوەی(خەون) دا ئەم کردارەی خستۆتە ڕوو،جولەیەکی ڕۆمانسیانەی نازداری پێبەخشیوەو ئازارەکەی لەناونیشانەکەیەوە(بێهودەیی) دەگەیەنێت. لەشیعری (گۆی مەمك) دا هاتووە:

**خونچەلەداخی گۆی مەمك**
**پڕپەڕی کرایەوە**
**کەزانی جوانی ناگا بەو**
**لەداخا خۆی بەردایەوە**

(صلێوە: 2015: 22)

بیرۆکەی ئەم ململانێیەی نێوان پێکهاتەی نێو سروشت و جوانییەکانی ژن دێرینەو لەشیعری کلاسیکی کوردیدا بەدیدەکرێت،چەشنی (خونچەلەگەڵ دەم و لێو) زیاترینە،بەڵام هاوژین بەسوود وەرگرتن لەم بیرۆکەیەململانێیەکەی گۆڕیوەو خستویەتیە نێوان (خونچەو گۆی مەمك) و بەمە بەرگی ململانێیەکەی سەرنج ڕاکێش تر کردووە.

**هەناسەم زولفەکەی لادا و**
**بەشنەی شەماڵی عیشقم**
**پەرچەم لەسەر کوڵمت بزووت**

(صلێوە:2015: 23)

ئەم بیرۆکەیەلەئاکامی هەڵوەشاندنەوەی دەقێکی (نالی)یە کەتێیدا هاتووە:

**هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی**
**نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابورد،نەرگس هەر لەخەودایە**

(دیوان:1976: 559 )

نەسیم لای نالی بۆتە شنەی شەماڵ لای هاوژین. لەبیرەوەری شاعیراندا زیاتر یادەوەری ڕۆژانی منداڵی ئامادەیی هەیەبەهۆی یاریکردنەوە،کەچی لای هاوژین شەوانی پڕ لەجوانی و ئامادەیی ئەستێرەو جولەو پرسیاری خەیاڵی منداڵ بەرامبەر ئەو ئەستێرانەی باوەشی ئاسمانیان ڕۆشنکردۆتەوە،بۆتە مایەی ئەوەی بڵێ:

**شەوانی منالیم ناێنەوە**
**ئەو شەوانەی لەسەربان**
**بەباوەش ئەستێرەم کۆدەکردەوە**

(صلێوە: 2015: 27)

(کۆکردنەوەی ئەستێرە) خواستنێکی ناوازەی مەعنەوی ئەستەمە،تەنیا لەنێو خەیاڵدانی منداڵیدا بیری لێ دەکرێتەوە. ئەوپەڕی داهێنان لەشیعری (دڵ) بەدیدەکرێت،کەدەڵێ:

**چۆلەکەیەك لەسینگما دەفڕێ**
**تا نەگاتە سەر درەختی گۆڕستان**
**نانیشێتەوە**

(صلێوە: 2015: 41)

جوانی بیرۆکەکە لەوەدایە کە لە نێو دەقەکەدا ناوی دڵی نەهێناوە،جگەلەناونیشانەکەیدا نەبێت، هەرچەندە ئەگەر لەوێشدا نەهاتبا ،سەرچاوەی زیندوێتی لەسینگدا دڵە،گواستنەوەی سینگ لەداخراوییەوە بۆ پانتاییەکی فراوانی سروشت و خواستنی (چۆلەکە)[vi]لەبری دڵ و فڕینی بەردەوامی ،ئەو مەکینەی (دڵ)ەیە کە ناوەستێت تەنیا بەمەرگ نەبێت ،خواستنی (درەخت) بۆ مەرگ جوانییەکی تایبەتی بەگۆڕ و گۆڕستان بەخشیوەوداهێنانی خەیاڵێکی ورد و کارامەیە .هەروەها دەقەپۆستەرییەکانی هاوژین خاوەن دەلالەتی قووڵن ،نموونەی:

**بەقەڵەمی زمانم**
**دەفتەری لێوەکانم**
**پڕکرد لەپەرستەی ئەوین**

(صلێوە: 2015: 47)

خواستنی (قەڵەم)بۆ (زمان) و (دەفتەر ) بۆ (لێو) و کرداری نووسینی مەعنەوی هزری وەرگر پڕ دەکات لەجوانی و تێرامان و وروژاندنی بیرکردنەوە .چەندین نموونەی تری بەرزی چەشنی :ئەشکەوتی تەنیایی،شەمشەمەکوێرەی خەم، وەهمی ویساڵ،شنەبای خوێن، پەنجەرەی برینەکان،باسکی دڵ، کوێربوونی چاو،ژەنگ گرتنی بیستن ،.....هتد.
گۆڕینی واتای (نەرێنی بە(ئەرێنی) وەك:

- **دەسرێژەماچ (صلێوە: 2015: 58)**

دەسرێژ لەنێو ڕۆشبیری کوردیدا پەیوەستە بەگولە و ئامانج لەناوبردنە، دەشێ شاعیر ماچ بکاتەئامرازێك بۆ توانەوەی خۆشەویستیەکەی

- **دوو تیلمەشیعر (صلێوە: 2015: 65)**

(تیلمە) لەبری ((پارچە) وایکردووەئەم وشەیە بەنەمری بهێڵێتەوە، چونکەلەئێستادا جگەلەنێو فەرهەنگ نەبێت ،لەئاخاوتندا بەکاهێنانی دەگمەنە.یا درووستکردنی (ساڵرێژان :68) لەسەر کێشی (گەڵا ڕێزان)، یا:

**پەنجەکانم موتوربەکە بە پەنجەکانت**

(صلێوە:2015: 68)

خواستنی (موتوربەکردن ) لەبواری کشتوکاڵ و تایبەت بەڕووەك بۆ مرۆڤ و هەڵبژاردنی پەنجەگیانێکی زیندووی زمانەکەچالاکتری دەکات، شاعیر لەشیعرێکیدا بەکارهێنانی (چاوی دڵ)ی گەڕاندۆتەوەبۆ (مزەفەر نواب)(1934) بەڵام ئەمەدەربڕینێکی دێرینی نێو شیعری کلاسیکی کوردییە،(مەبەست لەچاوی دڵ یا دیدەی دڵ ناخی هۆش و ژیرییە،چاوی ناخ و دەروون)(عارف:2007: 410)

**لەدووری تۆ هەموو ڕۆژێکم سوتانە**
**هێند پڕت کردووم لەعیشق**
**تا بۆ دیدەم بووی بەتانە**
**من بەچاوی دڵ ئەتبینم**

(صلێوە:2015: 79_80)

مەرج نییەچاوی دڵ بۆ نابینایی بەکار بهێنرێت،وەك لێرەدا چەمکەکەی وا دەگەیەنێت. سالم ،دەڵێ:

**جیلوەیی عەشقت دەکا هەردەم لەدڵنوور ئاشکار**
**پێشی دیدەی دڵ لەڕووتا ئاگری توور ئاشکار**

(دیوان:1972: 63)

لەپاڵ(چاوی دڵ) (دیدەی عەقڵ،پێی دڵ)یش لەکلاسیکدا بوونیان هەیە،کەمەبەست لەیەکەمیان بیرو هۆشی تیژ و بۆچوونی وردەو دووەمیان ناخی دڵە(عارف:2007:410)

**لەپێی دڵدا سەودایێ دێت مەزەندە**
**زرەی زنجیرەکەی جارانە ئەمشەو**

(دیوان:2573ك: 44)

هاوژین لەپۆستەرێکی تردا دەڵێ :

**ئەم درەختەکۆترێکە**
**گەڵاکانی بۆ تەریون ؟!**
**باشووکەی پاییزەڵێی داوەو پەڕەموچەکانی هەڵوەریون ؟!**

(صلێوە:2011: 10)

وێنەی نوێی هونەرین ،بەڵام (پەڕەموچ) بۆ کۆتر بەکارنایەت. لەشیعرێکی تریدا هاتووە:
**زیرو زوری دوو ڕیشۆڵە** (صلێوە:2011: 10)
لای خامۆش بە:
**سرتەسرت و چرپەچرپی دوو ڕیشۆڵە** (خامۆش:2012: 113) لێکدانەوەو ڕاڤەی بۆ کراوە.

**ئەم دار قەیسیەچەند عاشقە**
**ئەوەتانێ پۆلێ بولبولی زەرد و سور و نارنجی**
**بەلق و پۆپی خۆیان هەڵواسیوە**

(صلێوە:2011: 10)

ئەکرەم خامۆش لەڕاڤەی ئەم شیعرەدا دەڵێ: ( دەنکی قەیسیەکانی بەڕەنگی زەرد و سورو نارنجیەوە بە بلبلە ڕەنگاوڕەنگەکان چواندووە،شێوەکارییەکی هونەرییانەی وای بەکارهێناوە کەچ بلبل وەك باڵندە چ بەری ئەو درەختە کە بەروبومی خۆی بەدرەختەکەیەوە هەڵدەواسی) (خامۆش: 2012: 114) ،بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە:

1. لێچواندن نییە،خواستنە.
2. بلبل وەك باڵندەیەکی حەقیقی لەنێو چەمکەکانی ئەم دێرانەدا بوونی نییە،جگە لەخواستنی نەبێت بۆ بەروبومی دار قەیسی ،دەریا حەوێزی ئەم شیعرەی خستۆتەنێو وێنەی شێوەکاری و دەڵێ:(شاعیر دارێکی قەیسی بەعاشق ناو دەبات،ئەو لێکچواندنەوێنەی شیعری درووستکردووە، بەڵام جیا لەمەش لەدێرەکانی دواتردا ئاماژەبەپۆلێ پەپولەی ڕەنگاوڕەنگ دەکات ئەمانەڕەنگییان زەرد و سور و پرتەقاڵییە،دەرکەوتنی ئەوکۆمەڵە باڵندەیەبەو ڕەنگەجیاوازانە،جۆرێك وێنەی شیعری دەخولقێنێت)(حەوێزی: 2014: 2).

شاعیر هەمموو هەستەکانی بە دارەکەداوەو مرۆڤ ئاسایە،وێنەی دارەکەسەرچاوەیەو عاشقبوون ئامانج و ئاکام لەدایکبوونی میوەکان و گەورەبوون و ڕەنگ و سیما و قەبارەیان ئەوپەڕی ئیدراکە بە گیان و کرۆکی دارەکە،(ئەوەی لەواقیعدا بەلۆجیك

داناندرێت،دەکرێ لەمیتافۆرەوە ئەنجام بدرێ ،لەدەوروبەرێکی تایبەتیدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت) (عەبدوڵلا : 2017 : 56 )

**ئاگر باشترین میوەی زستانە**

(صلێوە: 2013: 133)

ئاگر بەمیوەیەك دەچوێنێ کەوا لەوەرزی زستاندا لەهەموو میوەکان باشترینە،دیارەلای هەمووان ئاشکرایەلەوەرزی زستاندا بوونی ئاگر پێویستترەلەخواردنی میوەکان ،بۆیەشاعیر ئەو بایەخەی پێداوەو ئەم جۆرەلێکچواندنەی لێدرووست کردووە)(حەوێزی: 2014: 102) ئەمەدەگەڕێتەوەبۆ پەندێکی عەرەبی،کەدەڵێن:النار فاکهەالشتاء (الثعالبي:1965: 1089)

**النار فاكهةالشتاء فمن يرد**

**أكل الفواكه شاتيا" فليصطل**

(الثعالبي: 1965:1089)

هەنار لەکوردیدا واتە(نار) یا (گوڵنار) واتە(گوڵی هەنار) هەنار میوەیەکی زستانی پلەیەکەو لەدەرەوەی ئەم وەرزەتامێکی وای نابێت، ئاگریش بەهەمان شێوە، بۆیەدەبێت (نار) درکەبێت هەم بۆ ئاگر و هەمیش بۆ هەنار ، لەکاتێکدا هەنار میوەیەکی حەقیقییەو ئاگر میوەیەکی خوازەییەو ناسنامەی زستانن.

## ٤. ئەنجامەکان

1. کۆیەهەم وەکو شوێنێکی ماتریالی ،هەم وەکو شوێنێکی مەعنەوی هەردەم ئامادەیی لەنێو بیرەوەری شاعیرانیدا هەیە، بەشێکی گرنگی ناسنامەی شاعیرانی نوێ و هاوچەرخی پێکهێناوە،کەبونەتەهەڵگری کۆی ڕۆشنبیری ئەو شارە.
2. سیمانتیکی ئیدراکی زانستێکی نوێیەوبایەخ بەلایەنی عەقلی و پرۆسەهزری وتوانا ئیدراکییەکان دەدات،مامەڵەلەگەڵ دەقەکەبەشێوەیەکی گشتگیر دەکات،ئەمەش کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی دەقەکان دەبێت ،بەوەی بەرێرەوێکی خێرا و ڕوونتر بەوەرگر بگات،لەبازنەی خواستن دەسوڕێتەوە،کە (فازیل شەورۆ ،ئارام صالح،هاوژین صلێوە)کۆمەڵەی دووەمی دوای (قوبادی جەلی زادەو ئازاد دڵزار) پێکدەهێنن و داهێنان لەبەرهەمهێنانی خواستنی نوێ دەکەن.
3. خواستن و خوازەکەبڕبڕەی پشتی شیعر پێکدەهێنن و بەلای هەندێ لەپێشڕەوانی سیمانتیکی ئیدراکی بەشی بنەڕەتی شیعرن و سەنگێکی لەڕادەبەدەری لەشیعردا هەیەو سەرچاوەی داهێنانەو چەقی بیرکردنەوەیەو تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی دەق نییە،بەڵکو بەشێکی بنەڕەتی دەقە،کەشاعیرەکانی کۆیەتوانیویانەپەیوەندی نوێ لەنێوان دەرخەر و دیارخەر داپهێنن.
4. شاعیرەنوێ و هاوچەرخەکانی کۆیەتوانیویانەلەداهێناندا پێشەنگ بن و وێنەرێژی چەمکەپەیوەستکراوەکانی جیهانی واقیعی لەیەکتر نزیك بکەنەوەو بیگەڕێننەوەنێو بازنەی ئەزموونەمرۆڤایەتیەکان وهاوکێشەی ژیان(ئامانج) و جوانییەکان(سەرچاوە) هاوسەنگ بکەن.
5. لەنێو شیعری ئەم شاعیرانەدا زمانێکی خوازەیی پتەو و قووڵ و کاریگەر بەدیدەکەین،دەشێ لەداهاتوودا وەکو قوتابخانەیەکی سەربەخۆی ئەدەبی بناسرێن،ڕەخنەی کوردی کەمتەرخەمە لە بەرامبەر داهێنان و دەستنیشانکردنی جوانییەکانی نێو ئەم دەقانەو ناساندنیان.
6. ڕەهەندێکی فەلسەفی بە هۆی خواستن لەپشت دێرەکانی بەشێکی ئەم شاعیرانەدەخوێنرێنەوە،بەتایبەتی (فازیل شەورۆ،ئارام صالح، هاوژین صلێوە) ،کەلەدوای قوبادی جەلی زادەو ئازاد دڵزار ،سێکوچکەیەکی داهێنانی شیعرین و پانتایی ناسنامەی (کۆیی)یان فراوانتر کردووە.
7. درووستکردنی پەیوەندی نوێ لەنێوان (دەرخەر و دیارخەر) ڕێڕەوی جوانناسییەکی ناوازەو شۆڕبونەوەیەکی مەعریفییەبەنێو کایەکانی ژیان و هەڵێنجانی دیاردەو حاڵەتەهەمەجۆرەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی.

## ٥. سەرچاوە:

### 5,1 سەرچاوە کوردییەکان


بەرزنجی ،عەلی تاهیر (2006)، خوێندنەوەیەك بۆ نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت، پاشـــکۆی ئەدەب و هونەر، ژمارە٤٠٧٩، سلێمانی.

پەشێو، عەبدوڵلا (1972) ،شەونامەی شاعیرێکی تینوو، بەغدا.

پێنجوێنی، فەرەیدون (2007)، گوزەرێکی خێرا بەنێو دیوانێکی ئارام صـــالح دا، ئەدەب و هونەر، ژمارە٥٢٧، سلێمانی.

جەلی زادە، قوبادی (1998)، چاوپێکەوتن، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە١٠، سلێمانی.

جەلی زادە، قوبادی (2007)، شـەهید بەتەنیا پیاسـەدەکات، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

جۆبار، جەلال (2018)، شـنەی هەیبەسـوڵتان، ئامادەکردنی: د.عوسمان دەشـتی، شـاگوڵ قوباد سلێمان، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

حەوێز، سروشـــت (2018)، ئازاد دڵزار و تازەکردنەوەی لەشـــیعری کوردیدا، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

حەوێزی، دەریا، (2013)، جیهان بینینی شـــیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاســـت) لەباشوری کوردستاندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

دڵزار، ئازاد (2004)، حاجیلەکانی دەشتی هاموون، شیعر، چ1، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

دڵزار، ئەحمەد (2018)، بژاردەیەك لەشـــیعرەکانی دڵزار، ئامادەکردنی: ئازاد ئەحمەد دڵزار، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

دیوانی سالم (1972)، چاپخانەی کوردستان، چ2، هەولێر.

دیوانی کوردی(2573)، چاپخانەی کوردستان، چ2، هەولێر.

دیوانی گۆران(1386)، چ3، نشر پانیژ، تهران.

دیوانی نالی (1976)، لێکۆڵینـەوەو لێکـدانـەوەی: مـەلا عبـدالکریمی مـدرس و فـاتح عبـدالکریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

شـــارەزا ،کەریم (1961)، کۆیەوشـــاعیرانی چەند لاپەڕەیەك لەئەدەبی کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی النجوم ،بەغدا.

شەورۆ، فازل (2011)، کۆترێك لەئاگر، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

شەورۆ، فازیل (2013)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

صالح، ئارام ( 2005 )، نهێنیەکانی ژێر لێوی حەقیقەت، چاپخانەی سیما، کۆیە.

صلێوە، هاوژی ) (2013 ،خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

صلێوە، هاوژین (2013)، مۆسیقای نامۆیی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی .

عەبدوڵلا، ڕۆژان ( 2017 ) ، میتافۆر لەشیعرەکانی هاوژین صلێوەدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 42.

غەمبار، کەمال (2008)، بەرەو جیهانی شـــیعری چەند شـــاعیرێك، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

کەریم، نادیە (2018)، تەلیسم، شیعر

گەلاڵەیی، حوسـێن غازی کاك ئەمین (2010)، ڕەوتی نوێکردنەوەی شـیعری کوردی لەباشـوری کوردستان لەساڵانی(1980_1991)دا، چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

مەعروف، کەمال (2010)، دیوانی سامی عەوداڵ، چ1، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

نووری عارف، محەمەد (2007)، فەرهەنگی دیوانی شـــاعیران نالی، ســـالم، کوردی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، کورستان، هەولێر.

یەعقوبی، عەبدولخالق (2016)، وێنەی جوانیی لەئاوێنەی تەڵخی بووندا خوێندنەوەیەك بۆ دەفتەرەشیعری ئەوین ژەن ی ئارام صالح، گۆڤاری باران، ژمارە٢.

**٥،٢ سەرچاوە عەرەبییەکان**

ابن منظور ،2003 لسان العرب، دار الحديث، القاهرة.

أبو ناضر، موري 1982، مدخل الى علم الدلالة الألســـني، مجلة الفكر العربي المعاصر، العدد 18_19.

أحمد، عطية سليمان (2019)، اللسانيات العصبية اللغة في الدماغ رمزية، عصبية، عرفانية ،ط1، الأكاديمية الحديثة لكتاب الجامعي، القاهرة.

الأطلس، نســيم (2007)، ألاســتعارة مقاربة ادراكية، منتديات ســتار تايمز، أرشــيف اللغات و اللهجات.

ايزوتسو، توشيهيكو (2007)، الله و الانسان في القران، علم دلالة الرؤية القرانية للعالم، ترجمة و تقديم: د.هلال محمد الجهاد، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

باشـلار، جاســتون (1980)، جماليات المكان، ترجمة:غالب هلســا، ط1، دار الجاحظ للنشرــ، بغداد.

الثعالبي، أبي منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل (1965)، ثمار القلوب في المضاف المنسوب، تحقيق:محمد أبو الفضل ابراهيم، ط1، دار المعارف، القاهرة.

الجواهري، الامام اسماعيل بن حماد (2008)، معجم الصحاح، ط3، دار المعرفة، بيروت، لبنان.

دزەيي، دلخوش (2014)، علم الدلالة الادراكي:المباديء و التطبيقات، مجلة الآداب، جامعة صلاح الدين، العدد110، أربيل.

الرازي، أبو الحســين أحمد بن فارس بن زكريا (2008)، معجم مقاييس اللغة، تحقيق:ابراهيم شمس الدين، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

الزبيدي ،الســيد محمد مرتضىــ الحســيني (1965)،تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق: عبدالستار أحمد فراج، دار الجيل، الكويت.

الشنقيطي، أحمد الأمين (2008)، المعلقات العشرـ و أخبار شعرائها، دار النصرـ للطباعة و النشر، الجزائر.

عبدالجليل، منقور (2001)علم الدلالة، أصـوله و مباحثه في التراث العربي، من منشــورات اتحاد الكتاب العرب ،دمشق.

عمر، أحمد مختار (1988) علم الدلالة، ط2، عالم الكتب، بيروت.

فيدوح، عبد القادر (1993) دلائلية النص الأدبي، ط1، ديوان المطبزعات الجامعية، وهران، الجزائر.

فيرســـت، ليليان (1987)، الرومانتيكية، ترجمة:عدنان خالد، من منشـــورات المركز الثقافي الاجتماعي، بغداد.

لايكوف، جورج و جونســن، مارك (2009)، الاســتعارات التي نحيا بها، ترجمة:عبدالمجيد جحفة، ط2، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب.

مؤمن، أحمد ( 2005)، اللسانيات، النشأة و التطور، ط2، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.

محسب، محي الدين (٢٠١٨)، اللسـانيات الادراكية، أفق نظري و افاق تطبيقية، منتدى شـبكة اللغويات العربية.

هاريس ،روى و جي ئيلر، توليت (2004)، أعلام اللغوي من ســقراط الى ســوســير، ج1، ترجمة:أحمد شاكر الكلابي، ط1، دار الكتاب الجديد المتحدة.

---

[i] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ڕێکخراوانەو ڕۆڵیان لەبەرەوپێشبردنی ڕەوتی خەبات وڕۆشنبیری بڕوانە: کەریم شارەزا، کۆیەوشاعیرانی، بەرگی دووەم، ل 15.
[ii] بەرگی یەکەمی بۆ شاعیرەکۆچکردووەکان تەرخانکردووەوتێیدا لە (16) شاعیر دواوەو لەباخچەی شاعیرانیشدا ئاماژەیەکی کورتی بە (9) شاعیر داوە.
[iii] بۆ تێگەیشتن لەچەمکی ئیدراك بڕوانە:
- معجم مقاييس اللغه404/1.
- معجم الصحاح 340.
- تاج العروس 6686/1.
- لسان العرب 340/3_342
[iv] بۆ زانینی وردەکارییەکانی نێو بەرهەشیعرییەکانی ئازاد دلزار بڕوانە: سروشت جەوهەر حەوێز، ئازاد دڵزار وتازەکردنەوەلەشیعری کوردیدا، چ1، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،2018.
[v] هایکۆ یا هاتیکۆ Haiku جۆرێکەلەشیعری یابانی، گوزارشتکردن بەهۆی واژەی سادەو دەربڕین لەهەستی زۆر وقووڵ، بەگشتی لەیەك بەیتی 17 کۆپلەی دەنگی پێك دێت، (5،7،5) وهایکۆبۆ سەدەی 17 دەگەڕێتەوە، (باشۆ) مامۆستای یەکەمی ئەم هونەرەیە، تاکو ئێستاش ئەم جۆرەشیعرەپێگەیەکی تایبەتی لەئەدەبی ژاپۆنیدا هەیە، سروشت سەرەکیترین سەرچاوەی هایکۆیەو ڕەسەنایەتی لەڕۆشنبیری شوێنەکەوەردەگرێت، گیان ومەعریفەو خەیاڵ هایکۆ بەرهەمێنن. نادیە لەم جۆرەدا داهێنانی کردووە.
[vi] چۆلەکەخواستنەناشێ بڵێین: بەراوردکردنی چۆلە کەبەدڵ، بڕوانە: ڕۆژان نووری عەبدوڵلا، میتافۆر لەشیعرەکانی هاوژین صلیوەدا، ل 33.